شیعر


# بروسكە

محەمەد ئەمین پێنجوێنی



لە شارەوە.. لە شاری شكۆدارەوە
بۆ جگەرخوێن
چەپكێ نێرگز.. چەپكێ وشە بۆ شاعیری
بێ جێگە و شوێن..!
كەوا و سەڵتەی سەوزی نەرمی
قەنەوزی
وەكو قەوزەی حەوزی بەر حوجرەكەی
"نالی"
كە لەپاش خۆی بەدانسقە بەجێ
ماوە
وەك "پیرۆزە هەڵمان گرتووە
بۆ دیاری تۆ ئەی جگەرخوێن
حوجرە و چێشتی مجەوری!..
خانەقاكەی سۆفی "مەحوی"
هەروەكو خۆی فەرموویەتی

ناوی بە شەکرە سێو ناوین
باخەوان و بەهێ ئەگرین!!"
بۆیە ئەگرین..!!
یا گۆچانی
دەستی حافز و کوێرانی
مەجلیسەکەی "مەلا حەمدوون"..
کەتا ئەمڕۆش پارێزراون
بێ چەن و چون..
ڕیشە سپییەکەی پیرەمێرد
چۆڕی شیرە..!!
هەروەک سەرپۆشی بەفرینە
بۆ ڕووخساری "پیرەمەگروون"..
چەشنی چاوی کەوەکانی!
پەنای ئەزمەڕ بریقەی، دێ..
پێشکەشت بێ
ئەی جگەرخوێن
کورسییە شرەی مەیخانەکەی
فایق بێ کەس
کە چاوەزاری دیوارە..
لەهەر لای ئەم کوردەوارە..
بۆ هەڵبەستنی گۆڕەکەت!
لەباتی خۆت
ئەی جگەرخوێن
یان زیندانە تەڕ و شێدارەکەی
"گۆران"
ماوەتەوە وەکو جاران..
کە دیاری دەستی ئاسنە
وەکو ئەشکەوتی سامناک و



**تار و توناو تون پشکنە..!**
**کەلامان.. نەخشی دیوار و دەرگاکانە**
**لەگشت لای ئەم کوردستانە**
**ئەیکەین بە بارگە و کەژاوە**
**بۆ گیانی تۆ!!**
**ئەمانە گشتیان هاتنە کوڵ**
**تێر تێر گریان..**
**بۆ جگەرخوێن**
**بۆ شاعیری دوور و وڵاتی**
**بێ سەر و شوێن**
**بوونە دیاری**
**بۆ شاعیری هەژار دۆستی ئاوارەی**
**کورد..!**
**کە بە ئاهی کوردستان و میللەتەکەی**
**دڵە گەورە و مەزنەکەی**
**لە حەسرەتانا شەقی برد..!!**
**ئەی جگەرخوێن..**
**وا ناوی تۆشمان خستە سەر..**
**دەفتەرێکی نەنوسراوی بەرباخە لێ!**
**بەرگ دڕاوی شڕ و ئاڵی..!!**
**شاعیرێکی نەتەوەی کورد..**
**ئەی جگەرخوێن**
**ئەی شاعیری پایەبەرزی لەناو**
**دڵا هێلانە و شوێن**

ئەم شیعرە لە یادی چلەی جگەرخوێن لە
دهۆک خوێندرایەوە